کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-11-2007 0:54

**بەرپرسیارەتی بەرپرس و خۆبەزل زانین!! ... دیلان ڕەشاد عەبدوڵڵا**

Dilan_kn@yahoo. com

کاتێك کەسێك دەکرێت بە بەرپرس جا لەهەر پایە و پێوەرێك بێت هەندێك لە مرۆڤەکان رقیان بۆ دروست دەبێت بەرامبەر بە هەڵوێستەکانی جەنابی بەرپرس، یاخود هەندێك جار وشەی بەرپرس کەمێك هێسك گرانە و قورسە کەچی لەوانەیە لە ئەسڵدا هەمووی وانەبێ واتە مەبەستم هەموو بەرپرسێك وانە بێت، جا لێرە گەرەکمە باس لە بەرپرس و بەرپرسیارەتی بکەم ئایە بەرپرسانی ئێمە تا چەند هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن؟ تا چەند ئەم وشەیان لەلای خەڵك خۆشەویست کردووە و تا چ ڕادەیەك لە ناوەڕۆکی ئەم وشە شەش پیتە دەگەن و چۆن بۆ خەڵکی شیکاری دەکەن تاوەکو مرۆڤەکانیش تێبگەن ئەگەر هاتوو ببنە بەرپرس چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی بەرامبەریان بکەن و چۆن پێناسەیەکی زانستی و مەعریفی بۆ ئەم وشەیە دروست بکەن، من کاتێك ئەو قسانە دەکەم لەوانیە یەکێك بم لەو کەسانەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی نەکەم، بەڵام دەبێت بپرسین بۆ و هۆکارەکەی چیە؟ لەوانەیە سیستەمی پەروەردەیی بێت یاخود میراتی کۆمەڵگاکەمانە یان پەروەردەی خێزانە یاخود هتد.. هەندێك جار بەرپرسی لە سەردەمی ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا بۆتە خۆ بەزل زانین و پەلەکردن لە تەکمیل کردنی باری ماددییان بەبێ گوێدان بە خواستەکانی چین و توێژی کۆمەڵگا و بنەماکانی مرۆڤایەتی و دروست کردنی زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بۆ نەوەکانی دواڕۆژ، بەرپرسانی ئێمە هەموویان بەرپرسن و بەرپرسیارن لە جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان جا هەرکەسە و لە بوارێك، بەڵام کێ سزای ئەو پێشەڵکارانە دەدات کاتێك یاری گۆڵف بە یاساو ڕێسای کۆمەڵگا و میللەت دەکەن و هەرگیز چۆك دانانێن لەبەردەم بەدەست هێنانی پلەوپایەو سەرمایەداری بۆ دوا ڕۆژی نەوەکانیان. زۆر چاکە مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ژیان هەنگاو بەهەنگا و بڕوات ئاساییە ئەگەر لەهەر پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژی لە پێشەوەی گۆڕانکاریەکان بێت و پەیڕەویان بکات بەڵام شەرت ئەوەیە لەگەڵ پێشکەوتنە مەعریفی و فکریەکانیشەوە بڕوات و ئازادی تاکەکەسی زەوت نەکرێت ڕێگە بەخەڵکی فەقیریش بدرێت شتێك فێر بێت سود لە پێشهاتەکانی کۆمەڵگا وەربگرێت، بۆ جیاوازی چینایەتی و قەومایەتی هەبێت خۆ هەموو کوردێك مرۆڤن ئەی کوا مافی مرۆڤایەتی و یەکسانی و دادوەری کۆمەڵگا؟ دەسەڵاتی وڵاتەکەمان لە هەموو شتێك چاولێکەر و لاسایی کردنەوە بەگرینگ دەزانێ بەڵام لە دابین کردنی مافە مەدەنیەکان خەوتوون و ئەوەی کەهەشە تەنها قسەی هیچی تر نا، خۆ ئێمە خەڵی ئەم وڵات و خاکەین قابیلە حەزبکەین ڕەخنەی ڕوخێنەر بگرین نەخێر بە پێچەوانەوە ئێمە دەمانەوێت کارێك بکەین کە وڵاتەکەمان لە تەنگژەی کۆمەڵایەتی ڕزگاری بێت هیوا خوازین بەرپرس پردێکی گەیەنەری نێوان خەڵك و دەسەڵات بن ئەگەرچی مەرامە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان بەجێ دەگەیەنن کەمێك لە خەمی خەڵکیش دابن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.